# ئازادی بۆ عدنان حسن پوور وهیوا بۆتیمار

لە ڕۆژانی ڕابووردوودا دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەوالی دەرچوونی بڕیاری ئیعدامی عدنان حسن پوور وهیوا بوتیماریان لەلایەن دادگاکانی کۆماری ئیسلامی ئیران لەشاری سنە بلاوکردەوە . عدنان حسن پوور ڕۆژنامەنووس وئەندامی دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی ( ئاسۆ ) وهیوا بۆتیمار یەکیکە لەهەلسووڕاوانی بواری چالاکی مدنی لەشاری مەریوان . ئیستا هەریەک لە عدنان وهیوا لەچاوەڕوانی مەرگدا لە زیندانەکانی ڕژیمی ئینسانکوژی ئیراندان لەشاری سنە .

بڕیاری ئیعدامی عدنان حسن پوور و هیوا بۆتیمار پیشیلکردنی ئاشکرای یاسا نیودەولەتیەکان وبەتایبەتی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤە وناکۆکە لەگەل سادەترین پرینسیپەکانی ئازادی ڕادەربڕین وچالاکی مدنیدا .

ئەم بڕیارە ، لەلایەکی ترەوە ، بەشیکە لەو هیرشانەی کە ڕژیمی تاوانباری ئیسلامی ئیران دەستی کردووە بەتووندکردنەوەیان لە بەرانبەر ماف وداخوازیەکانی خەلکی کوردستان و هەموو ئیران .

ئیمە دەنگی ناڕەزایەتی خۆمان ئەخەینە پال دەیان حیزب و کۆمەلە وڕیکخراو وکەسایەتی لەسەرتاسەری دنیادا ، وبەتووندی ئەم بڕیارەی حکوومەتی ئیران مەحکووم ئەکەین وخوازیاری ئازادکردنی دەسبەجیێ عدنان حسن پوور وهیوا بۆتیمار وهەموو زیندانیانی بیروباوەڕ وئەندیشەین لەکوردستان وهەموو ئیراندا .

زۆر دەمیکە ئازادی بیروباوەڕ وقەلەم بوون بەیەکیک لەو سادەترین وسەرەتایی ترین مافانەی کە دنیای تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست و شارستانی هاوچەرخی لەیەک جیائەکەنەوە. حکوومەتی مەلاکانی ئیران بەم بڕیارەیان جاریکی تر سەلماندیان کە ئەوان بەعەقلی سەدان سال لەمەوپیش دەسەلاتە ڕزیوەکەیان بەڕیوە ئەبەن بەلام شەپۆلی ئازادیخوازی لە کوردستان وسەرجەم ئیراندا لەوە بەگوڕترن کە بەو هیرشانە خامۆش بکرینەوە .

ناوەندی ڕۆشنبیری کورد _ ئوستراليا
سەرەتای ئابی 2007